
# نامەکانی فەرهاد پیرباڵ



**گۆشەیەکی ئەرشیفییە ، تێیدا دکتۆر فەرهاد پیرباڵ لە ئەرشیفی خۆیەوە ئەو نامانە بڵاودەکاتەوە کە لە نێوان ئەو و نوسەر و رۆشنبیرەکانی کوردستاندا ئاڵوگۆڕ کراون ، گرنگی ئەم نامانە لەوەدایە هەریەکەیان حاڵەتێکی مێژوویی ، سیاسی، کۆمەڵایەتی سەردەمێکی دیاریکراو دەگێڕنەوە .**

## نامەی هێدی شاعیر

کاك فەرهادی خۆشەویست، سلاو

تازە لە خوێندنەوەی شیعرەکانت بومەوە کە لەژێرناوی ((ئێکزل))دا بلاوت کردوونەوە. لەمێژە دەگەڵ نوسینەکانت بوومە ئاودالْ و جاروبار لێرولەوێ سەرم لێهەڵدێنن. پێموایە قەڵەمێکی پوخت و پاراوت هەیە، بەلام جاروبار دانووم دەگەل دارشتنی ڕستەکانت ناکولێ. هەتا بلێی وشەی فارسی زۆر بەکاردێنی. نازانم بە ئانقەست وادەکەی یان پێتوایە وشە فارسییەکان لە وشە کوردییەکان ژیکەلەتر و لەبارترن؟! ئەوەندەی دەزانم، ئەو کارەی بەهەر مەبەستێکی بکەی خزمەتی زمانی کوردی تێدا نییە و فارسەکانمان لێ هارتر دەکەی. سبەی ڕۆژێ هەزار قورئان و حەسەن و حوسێنیان بەگژداکەین، دان بەوەیدا ناهێنن کە کوردییش زمانە.

کاکی خۆم با فارسیش بزانی، چ خوا هەڵدەگرێ –لەبواری زماندا– ڕوو لە باغە ((جوان و ڕازاوە))کانی کورد وەرگێڕی و بەرەو ((قەشەنگترین)) باغەکانی سەرو ڕووی زەمین بچی؟! (بڕوانە شیعری سەفەر – ل. 17). بلێی کورد وشەی لەم وشانە جوانتر و رەسەنتری نەبێ؟! :سپێدە، ئەندێشاوی– قەشەنگ-عەسر – پەژموردە – کاملبون – بەخشندە – بەدیهیات – ڕۆخانە(رووخانە) – پێوەنەمێنێ.

با ئەوەش بلێم ئامرازی (وە) فڕی بەسەر زمانی کوردییەوە نییە و بەداخەوە لە زۆربەی شیعرەکانتدا دەبینرێ: وە ئەو ئاوازەی ماتەمینبارە... (ل. 33)/وە غەریبی ... (ل. 23)/ زیاد وە یان کەم... (ل.64)... لە لاپەڕە (48)دا ئەگەر مەبەستت لە ((میراندوواو))((میاندوواو))ی نیزیک ((مەهەباد))ی بێ ئەوە ((میراندوواو))هەڵەیە و ((میاندوواو)) ڕاستە. ((کرماشان)) یش لە ((کرمەشان)) ڕاسترە. ئەگەر لەباتی لاتینی ناوی دیوانەکەت نابا (کۆچ) یان شتێکی دی .. جوانتر نەبوو؟!

بەوەندە تێبینیانە لەکۆڵت دەبمەوە و درێژدادڕتری ناکەم. حەزم کرد برێك کولی دلمت بۆ هەلڕێژم. ئەگەر بۆچوونەکانم بێجێ بوون، نێوچاوانم لێ تێکمەنێ! ئەگەر بەجێ بوون، ئەوە دوعایەکی بەخێرم بۆ بکە !

داخوازی بەختەوەری و سەرکەوتنت : هێدی

1/4/93 – ئاڵمان